

# مۆدی ئەڵقەکانی پەنجەو دەستگیرانداری

ئەڵقە، هێمای خۆشەویستی و گرێبەستی نێوان دوو کەسە، لە سەرەتای بەیەك گەیشتنیان وەك سیمبولێکی خۆشەویستی و هەست بۆ یەکتر لە پەنجە دەکرێت، جگە لەوەی سومبلێکە، هەروەها ئێستا وەك پارچەیەك ئێکسسواری جوانکاری هاوشێوەی ئێکسسوارەکانی دیکەی وەك: ملوانکە و گوارەو بازن و ئەنگوستیلە بەکاردێت، کچانی دەستگیراندار و خانمان لە سەروبەندی زەماوەند لە پەنجەی دەکەن، بۆیە تا ئەڵقەیەکی نایاب و سەرنجڕاکێشت لە پەنجە بێ، دەبیتە جێگەی سەرنجی ئەموان و هەر یەکە پرسیار لە جوانی و ناسکیی ئەڵقەکەت دەکات، ئەو هەنگاوەش بەم جۆرە دێتە دی کاتێك ڕێنماییەکانی (گرانت مۆبلی ) پسپۆڕی بەرد و ئێکسسوارەکان لە بەرچاو بگریت کە دەڵێ: لە مۆدە دانراو و هەڵبژێردراوەکانی ئەڵقەکان بۆ ساڵی (٢٠١٨) ئەو شێوازانە بوونەتە جێگەی سەرنج، ئەڵقەی رازاوە بە بەردین، هەروەها مۆدی ئەڵقەی (٣) بەردین، یەکێکە لە جوانترین ئەڵقەکان، هەروەها ئەڵقەکانی شێوەی هێلکەیی نایاب دەبن لە پەنجە، مۆدی ئەڵقەی مس و زیو و زێڕ، ناوازەن ئەگەر ڕەنگی و بریقەدار بن، ئەڵقەی ڕەنگ زەرد، ئەڵقەی ڕەنگ زەرد و پەمەیی تێکەڵ، ئەڵقەی باریك و سەرگەورە، واتە بەشی بەردین و نەخشەکەی گەورەتر بێت لە قەدەکەی، لە کۆتا مۆدەشدا، ئەڵقەی نەخشدار و بە بریقە جوانترین مۆدەکانی ئەڵقەی (٢٠١٨) دەبن.



# هاوسەرێکی بە جۆش و هەست بەرز بە

ئەو ئافرەتانەی خاوەن هاوسەرن، هەمیشە دەیانەوێت کەسێکی بەسوود و خۆشیبەخش بن بۆ خۆشەویست و هاوسەری خۆیان، هەر بۆیە هەرچی هەنگاوی جوان و سەرنجڕاکێشە بۆ بەرامبەرەکەیان دەیکەن، تا ببنە جێگەی خۆشەویستی و ڕەزامەندیی هاوسەریان، هەندێ لەو زانیارییانە ڕەنگە بە گوێی ئافرەتان نەکەوتوون کە وادەکەن هاوسەر و ئەویندارێکی بەجۆش و هەست بەرز بن، لێرەوە ئاشنایان بن:

هەردەم دەم بە خەندە و لێو بە زەردەخەنە بە، ئەگەر لە کاتی کێشە و ناکۆکیشدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، هەوڵبدە ئارام و لەسەرخۆ بیت. هەست و دەروونت لە کێشە و گرفتەکانی پێشوو خاڵی بکەوە و لە بیریان بکە. متمانەت بە خۆت بێت و گۆڕانکاری لە خۆت و جلوبەرگ و شێوازی ڕەفتارت بکە. ماوە ماوە بەسەرهاتی خۆش و شتی خۆتان بە بیر خۆشەویست و هاوسەرت بهێنەوە، تا بزانیت تۆ بۆ ئەو گرنگیت. گاڵتە و قسەی خۆش و یاریکردنیش کەسێکی هەست بەرزت لێ دەردەچوێنێت. هەندێ جار لە ڕەسمیات و نەریت دوور بکەوە و ڕەفتاری سەرنجڕاکێش بکە.

# چۆن هەمیشە بۆن و بەرامی ماڵەکەت خۆش دەکەیت؟

ئەگەر دیکۆرێکی نایاب و چەندین کەرەستە و کەلوپەلی بە نرخ لە ماڵەکەت هەبێت، کاتێك میوان و دەستەخوشکان و خزمانت سەردانت دەکەن، هەست بە بۆنی ناخۆشی ماڵەکەت بکەن، کەواتە نە کارامە و نە خاتوونی، هەر بۆیە ڕەنگە باسیشت بکەن لەوەی نەتتوانیوە بۆن و بەرامی ماڵەکەت خۆش بکەیت، پێگەی (بۆت شۆگەر) چەندین هەنگاو و ڕێنمایی بۆ بۆنخۆشکردنی ماڵەکەت بڵاو کرووەتەوە کە ئەمانەن:

پێویستە بەیانیان زۆربەی پەنجەرەکانی ماڵ بکەیتەوە، تا هەوای نێوماڵەکەت بگۆڕێت، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە لێی خەوتوون یان کەرەستە و خواردنی تیادایە، ئەگەر هەستت کرد لە بەشێکی ماڵەکەت بۆنی ناخۆش دروست دەبێ، هەوڵبدە کەرەستەی دژە بۆن و لەناوبەری بۆنی ناخۆش دابنێیت. پاك و خاوێنی ماڵەکەت هۆکارێکە بۆ دەرنەکەوتنی بۆن و بۆنی ناخۆشیش ناهێڵێت. ئەگەر بۆت کرا ئامێرێکی هەوا پاککەرەوە لە ماڵەکەت دابنێ. ئامادەکردنی خواردن و ناندێن، هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی بۆنی ئاگر و ڕۆن و کەرەستەکان، بۆیە کاتێك خواردن ئامادە دەکەیت، دەرگای ژووری چێشت با کراوە بێت، هەروەها ئامێری ساحبەی هەوا بە ئیش بخە. هەوڵبدە گوڵ و گوڵدانی سرووشتی لە ماڵەکەت دابنێیت، ماوە ماوە تەواوی بەرگ و پەڕی کەرەستەکانی ماڵ بشۆ.



# هەنگاوەکانی فراوانکردنی دیکۆری ماڵەکەت

ڕووبەری زۆربەی خانوو و ماڵەکان لە تەواوی جیهان و کوردستانیش بچووکە و هێندە گەورە نین تا بە دڵ و هەستی خۆت کەرەستە و کەلوپەلەکانی تێدا دابنێیت، بەم هۆیەوە پسپۆڕانی دیکۆر، هەوڵبدەدەن زۆرترین کەرەستە و کەلوپەل لە ماڵەکان جێگە بکەنەوە، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر تەسککردنی ڕووبەر و پانتایی ماڵ هەبێت. گۆڤاری (ئیل) زانیاری لەسەر ئەو ڕێکارانە خستۆتەڕوو، تا ڕووبەری ماڵەکەت گەورەتر و فراوانتر نیشان بدات، تەنانەت ئەگەر خانووەکەشت بچووك بێت، لەوانە:

- ڕەنگی دیکۆر: ڕەنگ کاریگەری لەسەر فراوانکردن و گەورە نیشاندنی دیکۆری نێو ماڵەکەت هەیە، هەر بۆیە پێویستە ڕەنگە کاڵ و کراوەکان لە دیکۆری ماڵەکەتدا بەکار بهێنیت وەك: بێجی، سپی، زەردی کاڵ، شین، ڕەساسی.

- تابلۆ و وێنە: هەوڵبدە گەورەترین تابلۆ و وێنەی دیوار هەڵواسیت، بە مەرجێك لەلایەکی دیوار هەڵیواسە، کە وێنەی دیکەی نەبێت و بەمەش دیکۆرێکی گەورەت پێدەبەخشێت.

- کەرەستەی بچووك: ناکرێت کەرەستەو کەلوپەلی گەورە لە خانووە بچووکەکەت دابنێیت، هەوڵبدە کەرەستەکان یان بچووك بن، یان نزم بن، بۆ نموونە: تاخمێك قەنەفەی بچووك، یان نزم هەڵبژێرە.


- هەڵگرتنی کەلوپەل: لە جێگەی دانانی کانتۆر، یان کۆگایەکی بچووك بۆ کتێب و شتی لاوەکی، دەتوانیت ڕەفێکی هەڵواسراوی سەر دیوار دروست بکەیت و هەموو کەرەستەکان لەوێ دابنێیت کە جێگەش ناگرێت و دیکۆرێکی نایابیش دەبەخشێت.


- ستوونی و ئاسۆیی: هەوڵبدە زۆربەی کەرەستەکانت لە شێوەی بەرز و ستوونی بن، تا کەمترین جێگە بگرێت و بەرزترین دیکۆریشی هەبێت.





# چێشتخانەیەک لەسەر بەرزترین گردە بەردین

لە وڵاتانی جیهان، بیر لە شوێن و پێگەی جوگرافی دەکرێتەوە تا بکرێتە پرۆژەیەکی گەشتیاری، وەك ئەو چێشتخانەیەی دەکەوێتە شارۆچکەی (ئەنتۆکیا) لە شاری مادیلین لە وڵاتی کۆلۆمبیا، ئەو گردە بەردە بە ناوی (گواتاپێ) ناسراوە، بەپێی لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان و شارەزایانی بواری جیۆلۆجی، ئەو گردە بەردینە زیاتر لە ملیۆن ساڵە هەیە و وەك خۆی ماوەتەوە. لە بەشی دواوەی ئەو گردە بەردە، ڕێڕەوێك دروست کراوە تا خەڵك بتوانن سەر ئەو گردە بکەون، هەروەها لە بەشی سەرەوەی چێشتخانەیەکی گەشتیاری دروست کراوە، هەموو جۆرە خواردنێکی کۆلۆمبی و ئیسپانی لەوێدا بەدی دەکرێت. بەرزی ئەو بەردە دەگاتە (٢١٣٥) مەتر و پایەکانی کە بۆی دانراوە تا دەگەیتە سەرەوە (٦٥٩) هەنگاو یان شەقاوی مرۆڤە.











# سێلفی لەگەڵ ئاژەڵان

دانیشتووانی شاری (کالکتا)ی هیندستانی، گرنگی زۆر بە مانگا دەدەن، تەنانەت هەندێکیان مانگا دەپەرستن، ڕێکخراوێکی ئەو شارەش بۆ زیاتر گرنگی پێدانیان، سەیرترین پێشبڕکێی وێنەگرتنیان ئەنجامدا، لە پێشبڕکێیەکەدا هاتووە، ئەوەی جوانترین وێنەی سێلفی لەگەڵ مانگاکان بگرێت، لەلایەن ڕێکخراوەکەوە خەڵاتێکی بەنرخی بۆ دانراوە کە (٥٠٠٠) دۆلارە. یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە باسی ئەو پرۆژەیەی کردووە کە: مەبەست لەو پێشبڕکێیە داکۆکیکردنە لە گیانداران بە گشتی و مانگا بەتایبەتی، هەموو شار و وڵاتێك دەتوانن پێشبڕکێی لەم جۆرە ئەنجام بدەن، تا گیانداران بپارێزن و لە هێرش و توندڕەوەی مرۆڤ بە دووریان بخەن، ئەوەی سەیرە جگە لە خەڵکی ئەو شارە لە تەواوی هیندستان و تەنانەت وڵاتانی جیهانیش وێنەی سێلفی لەگەڵ مانگا بۆ ئەو ڕێکخراوە نێردراوە بە مەبەستی بەشداریکردن و بە دەستهێنانی خەڵات.










# سەیرترین پردەكانی جیهان

لە جیهانـدا سـەدان پـردی جۆراوجـۆر هەن، هەندێكیـان بە شـێوەیەكی هێندە سـەیری ئەندازەیی دروستكراون كە بۆتە جێگەی سـەرنجی گەشـتیاران و خەڵكی جیهان، بەشـێكیان كۆن و بەشـێكیان تازەن، بیرۆكەی ئەندازیاری بۆ دروستكردنی پردەكان بووەتە زانسـتێكی سـەردەم، بە جۆرێك پردەكان وەك حـەوت سـەیر و سـەمەرەكانی جیهـان دەناسرێن، كوردسـتانیش بێبـەش نابێـت لـەو جـۆرە پـردە سەرنجڕاكێشـانە، ئەوەتـا پـردی دەلال لـە زاخـۆ، یەكێكە لە سـەیرترین و كۆنتریـن پردەكانی جیهان، دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەو شـارە و لەسـەر ڕووباری (فیشـخابوور)، درێژی پردەكە (١١٤) مەترە و پانیشـی (٤,٧٠) مەتـرە، بەرزیشـی دەگاتـە (١٥,٥) مەتـر بەرزی لەسـەر ئاسـتی دەریـاوە. پردی (لۆجیـازۆی) دەكەوێتـە ناوچـەی بۆدۆنگی وڵاتی چین، بەرزییەكەی (٢٠) مەتر لەسـەر ئاسـتی دەریـاوە دەبێـت و لـە شـێوەی بازنەیی دروسـتكراوە. پردی (ڕووباری سـیدۆ)، یەكێكە لە سـەیرترین پردەكانی جیهـان، كـە دەكەوێتـە سـەر دۆڵـی (هۆبەی) درێـژی پردەكـە دەگاتـە (١٥٢٤) مەتر و بەرزیشـی (٢٨٧) مەترە. پردی (پرۆسـیو)ی لوولەیی دەكەوێتە وڵاتی سویسـڕا، پردێكە بۆ هێڵی شـەمەندەفەڕ دروسـت كـراوە و ڕێگەیەكـی ناوازەی بـواری ئەندازیارییە. درێژتریـن پردی جیهان بۆ شـەمەندەفەڕ بریتییـە لـە پـردی (چوارەم) كـە (٢٥٢٩) مەتـرە و ڕێگەی شـەمەندەفەڕە لە وڵاتی ئوسكەتلەندا. پردی (كۆنفیدڕاڵی) دەكەوێتە وڵاتی كەنەدا و نزیكەی (١٢) كیلۆمەترە، بە درێژترین پـردی ڕێـگا دادەنرێـت كـە هەردوو ناوچەی (شـازادە ئێـدوارد و نیو برۆنزویك) بەیەك دەبەسـتێتەوە، دواهەمیـن پـرد بریتییـە لـە (ئینفینیتی)ی كۆنكرێتی ئاسـنە و درێژییەكەی (٢٧٢) مەتر دەبێت و دەكەوێتە سەر ڕووباری (تیس).



## مەلەوانگەیەكی هەڵواسراوی ناوازە

مەلەوانگـەكان شـوێنێكن بـۆ مەلەكـردن و كات بەسـەر بردن و جار جارەش بۆ پێشـبڕكێی مەلەوانی، بێگومـان نەتبینیـوە مەلەوانگـە بـە ئاسـمانەوە بێت و یاخـود هەڵواسـراو بێـت، كەچی ئـەوەش هاتەدی، ئەو مەلەوانگە هەڵواسـراوە دەكەوێتە نێوان كۆمەڵێك شـوقە و باڵەخانەی باڵوێزخانەی ئەمریكا لە شـاری لەنـدەن، بیرۆكەكـە لەلایـەن كۆمپانیـای (ئەلیمـۆر شـۆن مۆلریـان) داهێنـراوە، كـە مەلەوانگەیەكـی ڕوون و لـە نێـو شووشـەدا بێت و هەڵواسـراویش بێت، ئـەوە بـوو بیرۆكەكـە سـەری گـرت و لـە نێوان دوو باڵەخانەدا دروسـت كرا، مەلەوانگە هەڵواسـراوەكە بە درێـژی (٢٥) مەتـر و بـەرزی (٣) مەتـر و نیـو و قووڵـی ئاوەكـەش (٣) مەتـرە، مەلەوانگەكـە لـە جۆرە شووشـەیەك دروسـتكراوە كـە بەرگـەی هێز و پاڵەپەسـتۆی ئـاو دەگرێت تەنانەت تاقیكردنەوەشـی لەسـەر كراوە كە دەتوانێت بەرگەی نزیكەی (٤٠٠) تەن ئاو بگرێت.





## پەند و وتە

جۆن دەیڤیس، پارێزەری ئەمریکی و بیزنسمان، ساڵی (١٧٨٧) لە شاری ماسوسیتش لەدایکبووە و لە ساڵی (١٨٥٤) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی جیاوازی و لێکچووین خەڵک دەڵێ: ئێوە بە من پێدەکەنن، چونکە من جیاوازم لەگەڵ ئێوە، بەڵام من بە ئێوە پێدەکەنم کە هەمووتان هاوشێوە و هاوبیرن.




## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە سەیری خەڵک دەکات، ئەوانەی خۆیان لە هۆڵێکی وەرزشی دەنێن و وەرزش دەکەن تا لاواز بن، کەچی بیر لە دەرەوە ناکەنەوە، چونکە هەمان ئەو وەرزشە دەتوانن لە دەرەوەی هۆڵەکەش ئەنجام بدەن، وەک پاسیکلسواری یان ڕۆیشتن.

# بۆ زانیاریت

**چی دەربارەی مووی قژ دەزانیت !**

ڕەنگی ڕەش بەربڵاوترین ڕەنگی قژە لە جیهاندا. ڕەنگی سووریش تەنیا بە ڕێژەی ٠١./بوونی هەیە لە کۆی دانیشتووانی جیهاندا، ئەمەش دەگمەنترین جۆری قژە. قژی کاڵیش لە نزیک دووەمەوە دێت و ڕێژەی ئەو کەسانەی خاوەنی قژی کاڵن تەنیا لە ٠٢./ دەبێت لە جیهاندا. ڕۆژانە ٤٠ بۆ ١٥٠ تاڵی قژمان هەڵدەوەرێت. قژ و موو بە شێوەیەکی گشتی لە کیراتین پێکهاتوون، هەمان ئەو پرۆتینەیە لە ئاژەڵەکاندا کە قۆچ و شاخ و ئەندامە ڕەقەکانی کەللە سەریان دروستدەکات. قژێکی تەندروست لە کاتی تەڕبووندا دەشێ درێژی تاڵەکانی بە ڕێژەی لە ٣٠./زیاد بکات، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کاتێك قژت وشك دەبێتەوە وا دەزانی قژت کورت بۆتەوە، خۆ جوانکردنیش کاتی دەوێت. بە تێکڕا ئافرەتان ماوەی ١ کاتژمێر و ٥٣ خولەك بەکار دەبەن لە شتن و وشکردنەوەی پرچیان لە هەفتەیەکدا، لەو کاتەی تەمەنی ئافرەتێك دەگاتە ٦٥ ساڵ ماوەی ٧ مانگی بەسەر بردووە لە شۆردن و وشکردنەوەی پرچی. قژمان هەمیشە لە گەشەکردندایە، ئەمەش واتا گەشەی قژ ناوەستێ. تەمەنی قژی درێژبوو دەشێ بگاتە ٥ ساڵ، ٩٠./ی تاڵەکانی قژیشمان لە هەموو کاتێکدا گەشە دەکەن، لە کاتێکدا لە ١٠./ەکەی تری پشوو وەردەگرن. دەتوانی لە بارەی کەسێکەوە زانیاری بزانیت، بەهۆی قژیەوە دەکرێت، زۆرجار پزیشکە شەرعییەکان سوود لە قژ وەردەگرن بۆ زانینی زانیاری، چونکە قژ زانیاری تێدایە دەربارەی سووڕی خوێنی لەشت، لە بوونی دەرمانی پزیشکی، لە بوونی کحول و بوونی ڤیتامینەکان، قژ و موو وەکو پڕۆژەیەکی کیمیا وان، پێکهاتەکانیشی بریتین لە: ٥٠./ کاربۆن، لە ٢١./ ئۆکسجین، ١٧./ نایترۆجین، ٠٦./ هایدرۆجین، لە ٠٥./ یش گۆگرد. تاکە شت دەربارەی تۆ کە ناتوانرێ بناسرێتەوە بەهۆی قژتەوە، بریتییە لە ڕەگەزەکەت - چونکە پێکهاتەی قژی پیاوان و ئافرەتان لە بونیە و پێکهاتەدا لە یەك دەچن.






**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

کەسایەتیت جوانە و ڕێگە مەدە کەسانی دیکە کاریگەری نەرێنییان لە سەرت هەبێت، ئەو بیرۆکانەی هەتە، خۆتی پێوە ماندوو بکە، ماوەیەکە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، ئەوەش کاتییە، بەڵام وریا بە لە ماوەیەکی نزیکدا کەسێك دەیەوێت بێتە ناو ژیانت و لێت نزیك ببێتەوە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ڕەنگە لەبەر ئەو کێشەیەی پێشووت، بۆ ماوەیەك بێزاریت پێوە دیار بێت، بەڵام باشترە بەهێز بیت، چونکە ئەوەی ڕۆیشت پێویستە لە بیری بکەیت، ئەو کارەی بۆ ئەو کەسە نزیکەت ئەنجامت دا، سەرکەوتوو بوو، لە بیرکردنەوە و بڕیاردان لەسەرخۆ بە.



**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

کاتێك دەتەوێت کارێك بکەیت، سەرەتا جوان بیری لێ بکەوە و مەهێڵە کەسانی دیکە ئەزیەتت بدەن، ئەگەر زانیت کەسێك لە دڵت گرانە، چاکترە لێی دوور بکەویتەوە، هەوڵدانت بۆ سەرکەوتن لە کارەکانت ئەنجامێکی باشی بۆت دەبێت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەو ئاواتەی لە دڵتە وازی لێ مەهێنە و هەمیشە کاری بۆ بکە، ئەو ڕێگەیەی بڕیوتە لێی پەشیمان مەبەوە و هەمیشە چاوت لە داهاتوو بێت، ڕابردووت هیچ سوودی نابێت بۆ ئێستات، کاتێك بیر لە خۆت دەکەیتەوە، سەیری تواناکانیشت بکە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ماوەیەکە دوودڵی لە زۆربەی کارەکانت، هەندێ جار وات لێدەکەن کە سارد ببیتەوە و هیچ هەنگاوێك نەهاوێژی، بیرکردنەوەت بۆ داهاتووت ژیرانەیە و هەمیشە لەگەڵ کاری خۆت بە، ئەگەر ویستت لە کەسێك بۆ هاوڕێیەتی نزیك ببیتەوە، سەرەتا تاقی بکەرەوە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

خەریکە بەهێواشی کارەکانت بەرەو چاکبوونەوە دەڕوات، لەو ماوەیەی ڕابردوو زۆربەی هەنگاوەکانت پڕ گرفت بوون، هەوڵبدە لەگەڵ کەسێك نزیك بیت کە جێگەی متمانەت بێت، هەردەم دڵت کراوە بێت بەتایبەتی کاتێك کەسێکی تازە دەناسی.





## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند خانەیەك هەیە و هەریەکە دەرچەیەکی هەیە، هەوڵبدە هێڵێك بکێشیت، کە بە نێو هەموو دەرچەکاندا بڕوات و دووبارەش نەبێتەوە و هەموو خانەکانیش ببڕێت.



## جیاوازیی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە، بیاندۆزەوە !



## نـــوکتـــە

کەسێك لە ناو هاوڕێکانی دانیشتووە و تەلەفۆن بۆ خێزانەکەی دەکات و بە تووڕەییەوە دەڵێ: ژنەکە تا دەگەمە ماڵ، ئاوەکە گەرم بکە و لە بیری نەکەی! هاوڕێکانیشی دەڵێن: ئافەرین پیاو دەبێ بەم جۆرە بێت و ئەمر بکات، ئەویش دەڵێ: ئەی چۆن قاپ شووشتن بە ئاوی سارد نابێت!



## ئۆتۆمبێلی دار

هەمیشە ئۆتۆمبێلەکان لە تەنەکە و مس و ئەلەمنیۆم و کاربۆن فایبەر دروست دەکرێن، تا بەهێزترین بەرگری و کێشێکی کەمیان هەبێت، کەچی ئەو هاووڵاتییە چینییە بڕوای بەم ماددانە نییە و بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل داری بەکارهێناوە. (لۆ فۆلۆنگ) دارتاشێکی وڵاتی چینە و تەمەنی (٤٩) ساڵە، پێیوایە دار هاوشێوەی ماددەکانی دیکەی کەرەستە دروستکردن، بەرگەی پاڵەپەستۆ دەگرێت و توانایەکی باشی هەیە، هەربۆیە ئەویش ئۆتۆمبێلێکی لە دار دروست کردووە. ماوەی (٣) مانگ خەریك بووە لە دروستکردنی ئۆتۆمبێلە دارەکەی، ئێستا کارەکەی تەواو بووە، لە شێوەی ئوتۆمبێلی (ڕۆلز ڕۆیس)ی مۆدێل (١٩٢٥)ە، درێژییەکەی (٢,٥) مەتر و پانیشی (١) مەتر و (٣٠) سەنتیمەتر درێژە.



**نەهەنگ** ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەلە مەکە لە هەنگاوەکانت، چونکە هەندێکیان پێویستیان بە کاتە و تۆش دەتەوێ زوو بۆت ببن، ماوەیەکە لەگەڵ کەسێکی نزیکت کێشەت هەیە، هەوڵبدە بە ئارامی ڕاستییەکانی تێ بەگەیەنیت تا ئەویش پەشیمان ببێتەوە، بۆ ژیانی خۆت ژیرانە بیر دەکەیتەوە.



**گۆزە** ١/٢٠ - ٢/١٨

هەست دەکەی دڵت تەنگە و زۆر بیر دەکەیتەوە، کارەکانت سەر ناگرن، واباشترە دووبارە بەرنامەیان بۆ دابنێی و ئەوەی لە خەیاڵتە بیکە بە ڕاستەقینە، ئەو ماوەیەی داهاتووت ساتە وەختێکی باش دەبێت بۆت، گەشبین بە بۆ ژیانی تایبەتیت.




**گیسک** ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەندێك لە بیرۆکەکانت جێگەی سوودمەندی تۆ دەبن، بۆ ئەو کاتە پێویستیت بە پشووە، لەگەڵ کەسی خۆشەویستت نەرمتر ڕەفتار بکە، هەوڵبدە کاتەکانت دیاری بکەیت و لە خۆت مەشێوێنە، بڕیارەکانیشت با دوای بیر کردنەوەیەکی قووڵ بێت.




**کەوان** ١١/٢٢ - ١٢/٢١

شێوازی ڕەفتار و کارەکانت جوانە و مەهێڵە لەم ڕێڕەوەی خۆی دەربچێت، کاتێك هەنگاوێك بەرەو پێشەوە دەنێیت، تووشی گرفت دەبیتەوە، ئەوەش شتێکی ئاساییە، ئەو گرفتانەی نێوان خۆت و کەسێکی نزیکت چارەسەر دەبن، بەڵام دەبێ هێمن و لەسەر خۆ بیت.



**دووپشک** ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەر کێشەیەکت هەبێ، بۆ ماوەیەکی کاتییە و دەڕوات، ئەگەر لەم ڕەفتارانەی خۆت بەردەوام بیت، ڕەنگە کێشە بۆ ژیانی تایبەتیت دروست بکەیت، هەر کەسێك تۆی نەویست، تۆش ئەوت نەوێت. کارەکانی داهاتووت بەرەو باشتر دەچێت.



**شایان** ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

وریای هەنگاوەکانت بە، چونکە ماوەیەکە هەڵەی وا دەکەیت خۆشت بڕوا ناکەیت، ئەو کاتەی پێویستیت بە کەسێکە بە هێمنی تێی بگەیەنە و هاواری بۆ مەبە، لەگەڵ کەسانی خێزانەکەت ڕەفتارت نەرمتر بکە و ماوە ماوە پێکەوە دانیشن، کارەکانیشت دوا مەخە.